**بابەت / دانیشتووان**

۲- **عەینە** / بەیەکێك لەسەرچاوەی داتا جێگیرەکان دادەنرێت کە دەکرێت لە لێکۆلێنەوەکانی دانیشتواندا پشتی پێ ببەسترێت بەتایبەت لەو ولاتانەی کە سەرژمێری دانیشتوان یان ماوەی نێوان سەرژمێرەکان زۆرن ئەنجامەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ وەدەست خستنی زانیاری پێویست لەسەر دانیشتوان ئەم ڕێگایە لە زۆرێک لە ولاتانی پێشکەوتووی وەك ئەمرێکا پیادە دەکرێت بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دیمۆگرافی و ئابووری.

## جگە لەم سەرچاوەیە چەندین سەرچاوەی ترمان هەیە لەوانە:

۳- بلاوکراوەکانی دام و دەزگا ڕەسمیەکان .

٤- المجموع الاحسائیە السنویە.

٥- بلاوکراوەکانی یان داتا و ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان .

**دووەم / سەرچاوەی داتا ناجێگیرەکان :**

کە ئەمەش خۆی لە کۆمەلێك سەرچاوە دەبینێتەوە زۆرجار بە ئاماری زیندەگی ( الاحسائیە الحیویە ) ناوزەند دەکرێن.

**ئاماری زیندەگی :**

پێناسەی تۆمارێکی فەرمی و ڕاپۆرتێکی ئاماریە کە هەلدەستێ بە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و خستنەڕووی دابەشکردنی هەموو ئەو داتایانەی کە پەیوەستن بە ڕووداوەکانی ژیانی وەك :

١-لەدایك بوون .

٢- مردن .

٣- کۆچ .

٤- تەلاق .

٥- زەواج .

٦- بەڕۆلەکردن (واتا هەلگرتنەوەی مندالّ)

**جیاوازی نێوان سەرژمێر و ئاماری زیندەگی :**

١-سەرژمێری حالەتی دانیشتوانە لەکاتێکی دیاریکراودا هەرچی ئاماری زیندەگیە هەموو ئەو گۆڕانە بەردەوامانەیە کەبەسەر دانیشتواندا دادێت .

٢- سەرژمێری پێویستی بە توانا و ئیمکانیەتێکی زۆر هەیە هەرچی ئاماری زیندەگیە ئەو توانا و ئیمکانیەتە زۆرەی ناوێ .

٣- سەرژمێری بەشێوەی خوڵ دەکرێت، بەلام ئاماری زیندەگی پێویستی بە خووڵ نیە ، ڕۆژانە تۆمار دەکرێت .

٤- لە سەرژمێردا ناونوسکەران خۆیان سەردانی ماڵەکان دەکەن بەلام لە ئاماری زیندەگیدا دەبێت کەسێك خۆی بچێت ئاگاداری دام و دەزگاکان بکاتەوە لە ڕوودانی ڕووداوەکە ئینجا ئەمە (لەدایك بوون ، زەواج ، مردن یان تەلاق ) بێت .

.

**ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر نادرووستی تۆماری ئامارە زیندەگیەکان ، لە هەندێ ولاتدا گرنگترین هۆکارەکان دەکرێت لەمانەدا کورت بکرێنەوە :**

١- **هۆکاری ئابووری :** زۆرجار بڕی ئەو کەلە هەندیك وڵاتدا کەسەکان وەردەگیرێ ، لە بری تۆمارکردنی ڕووداوەکان (مردن – لەدایك بوون) زۆرجار ڕێگر دەبێت خەلکانێك لەکاتی خۆی ئەم ڕووداوانە تۆمار بکەن .
٢- **هۆکاری جوگرافی :** زۆرجار وەك فاکتەریك کاریگەری دەبێت لەسەر نادرووستی داتاکان بەجۆرێك دووری ناوەندەکانی تۆمارکردن لەهەندێك ناوچەدا ڕێگر دەبێت لەبەردەم تۆمارکردنی ڕووداوەکان .
٣ - **هۆکاری کۆمەلایەتی :** بەیەکێك لەفاکتەرە کاریگەرەکان دادەنرێ لەهەندێك ووڵاتدا کاریگەری دەبێت لەسەر تۆمارنەکردنی داتاکان لەکاتی خۆیاندا بەجۆرێك لەهەندێك شوێندا خەلك بەچاوێکی سووك سەیری ئەو خێزانانە دەکات کە ژمارەیەکی زۆری منداڵیان لەڕەگەزی مێیە ئەمەش وادەکات ئەو خێزانانەی کە -کچیان زۆرە لەکاتی خۆی نەچن بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکە ، ئەمە جگە لەوەی لەدایکبوونی هەندێك منداڵ لەدەرەوەی چوارچێووەی شەرعی هۆکارێك دەبێت لەتۆمارکردنی ڕووداوەکان .
٤- **تۆمارکردنی هەندێك ناوی وەهمی :**
بەتایبەت لەو شوێنانەی کەبەشە خۆراك بەپێی ژمارەی سەرەکان دیاریدەکرێ کە کاریگەری لەسەر زۆری تۆمارکردنی هەندێك ناو دەبێت .

(بۆیە ئەمانە هەموو وادەکەن کە ئامارە زیندەگیەکان وەکوو پێویست نەبن .)

تۆماری مردن: له تۆماری مردندا زانیاری تایبەت لەسەر کەسی مردوو تۆمار دەکرێ لەهەموو گرووپەکانی تەمەن .

**گرنگترین زانیاریەکان بریتین له :**

١-ناوی سیانی کەسی مردوو .

٢- جۆری پیشه .

٣- تەمەن لەکاتی مردن.

٤- هۆکاری مردن .

٥- شوێنی نیشتەجێبوون .

٦- شوێنی مردن.

٧- باری خێزانداری .

جێگای ئاماژەیه ئەو تۆمارانه زیاتر لەشارەکان بەشێوەیەکی باشتر تۆمار دەکرێن وەك له گوندەکان .

**ئەو هۆکارانەی وادەکەن که تۆمارەکانی مردن لەکاتی خۆی تۆمار بکرێن ئەمانەن :**

.

١-ئەگەر کەسی مردوو میراتی لەپاش بەجێمابێ .

٢- ئەگەر کەسی مردوو فەرمانبەری دەوڵەت بێت خانەوادەکەی بەئامانجی مامەڵەی خانەنشین ناوەکه تۆماردەکەن .

٣- بەمەبەستنی بەدەست خستنی مافی بێوەژن :

جگه لەم تۆماره چەندین تۆماری ترمان هەیه وەك تۆماری هاوسەرگیری که کۆمەلێك زانیاری تێدایه ئێمه لەلێکۆلینەوەکانی دانیشتواندا سوودیان لێ وەردەگرین بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن به گرووپەکانی( تەمەن - شوێنی نیشتەجیبوون – جۆری پیشەی ژن و پیاوەکه ) که ئەمه سەبارەت به تۆماری تەلاقیش هەر ڕاسته .